ئێمە ناومان "ئێن ئێچ ئێس 24 ــە" (NHS 24).

ژمارەی تەلەفۆنەکەمان ئەمەیە، 111. تەلەفۆن کردن بۆ ئێمە بەخۆڕاییە.

ئەگەر هاتوو نەخۆش بیت یان دوکتۆرەکەت داخرابێت ئەتوانیت تەلەفۆنمان بۆ بکەیت.

دەتوانیت بە شەو یان ڕۆژی شەمە و یەکشەمەش تەلەفۆن بکەیت.

ئەگەر هاتوو پێویستت بە یارمەتی بێت و نەتوانیت چاوەڕێ بکەی تاکوو دوکتۆرەکەت بکرێتەوە، تەلەفۆنمان بۆ بکە. دەتوانی هەروەها لەباتی کەسێکی تریش کە نەخۆش بێ و نەتوانێ لەگەڵماندا قسە بکا، تەلەفۆن بکەیت.

بەڵام ئەگەر هاتوو تۆ یان کەسەکەی تر زۆر نەخۆش بن و پێویستان بە یارمەتی خێرا بێت، تەلەفۆن بکە بۆ 999 و داوای ئەمبۆلانس بکە.

ئیمە چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین؟

ئێمە پێت ئەڵێین کە چە جۆرە خزمەتگوزاریەکی تەندروستی دەتوانی وەربگریت.

ئێمە ڕەنگە بڵێین

- دوکتۆر هەیە کە دەتوانی چاوت پێبکەوێ
- دەبێ بڕۆی بۆ نەخۆشخانە
- هەندێ چارەسەری هەیە کە خۆت دەتوانی بیکەی بۆ ئەوە باشتر بیتەوە

کاتێک تەلەفۆن بکەی بۆ 111 چی ڕوودەدات؟

1. زەنگ بدە بۆ 111 و بۆ ئەوەی بەردەوام بی پەنجە بنە بە 9 لەسەر تەلەفۆنەکەتەو.
2. وەڵامێکی ئۆتۆماتیکی دەبیستی. چاوەڕێ بکە تا تەواو بێ. لەسەر تەلەفۆنەکەتەو پەنجە بنە بە #. چاوەڕێ بکە تا کەسێك وەڵامت بداتەوە.
3. کاتێک وەڵامیان دایەوە، بە ئینگلیزی بڵێ "I speak Kurdish. I need an interpreter. My telephone number is xx". واتای ئەم ڕستەی سەرەوە ئەوەیە کە من بە کوردی قسە دەکەم . پێویستم بە وەرگێرە. ژمارە تەلەفۆنەکەی من ئەمەیە xx.
4. تکایە لە سەر هێڵ ڕاوەستە و چاوەڕێی وەرگێرەکە بکە کە بەشداری بکات.

زنیاریی زیاتر لەسەر سایتی ئەنتەرنەتیەکەمان www.nhs24.com دەبینیتەوە.